# سڕبوونی لاو

**سەلام عومەر**

**سالآنی هەشتاکان سالّی لەناوبردنو تەفروتوناکردنی لاو بووە, زۆربەی هەرەزۆری موالیدەکان لە سەربازی بوونو لاوی داماویش هەر کە خوێندنی تەواودەکرد بەرگی سەربازیان لە بەردەم دا دادەناو لە بری داهێنانو دروستکردنی دوارۆژ و بیرکردنەوە لەو هەموو پرۆژانەی کە بە درێژایی 20-25 سالّی تەمەنی نەخشەی بۆ کێشابوو دوارۆژێکی نادیار قوتی دەداو دەکرا بە کەرەستەی پاراستنی عروبە, بەزۆر دەخزێنرایە نێو جەنگێکەوە کە دوورو نزیك لە خزمەتی خۆیدا نەبووەو زۆرجاران لە نێو بێنەو بگرەی بەرەنگاربوونەوەدا نیشتمانەکەی خۆیان پێدەسوتاند.**

**ئەو رۆژانە هیچ لوتکەو تەپۆلّکەیەکی ئەم ولاّتە نەبوو رەبیەیەك یان سەنگەرێکی لەسەر نەبێو شەقامی شارەکانیش خالّی بوون لەلاو مەفرەزە هاوبەشەکانیش هەمیشە لەو شەقامانەدا بۆسەیان دادەنا کە ئامانەی پێدا رەت دەبوو, لەو لاوە یاخی بوانە دەگەڕان کە نەیان دەویست بچنە سەربازگەیەك کە بۆ سووتانو وێرانکردنی نیشتمانەکەیان دانراوە.**

**ئەو سالآنە لاو ئەوانەی لە داهێنان دەگەڕانو دەیانویست لەوێوە رقەکانیان بەتالّکەنەوە, جێگەیەکیان شك نەدەبرد جگە لە شاخ, جگە لەو پەناو پەسیوانەی سیخوڕی لێنەبوون, داهێنانە نیوەچلّەکانی ئەوسا تا نیوەی نەوەدەکانیش هەرمابوون, هەموو ئەو وشانەی یان کارە قەتیسکراوەکان کە لە نێو رقدا کەلّەکەکرابوون لەم سالآنەدا بەتالّکرانەوەو زۆر بە هەرزانی بەخشران, ئەو رۆژانە سەرەتایەك بوون, لە رقێکی ئەستوورەوە بۆ سەرسوڕمانو دواتریش بەرەلّلآبوون, بەرەلّلآبوونی ئەو لاوو دەقو داهێنانەی کە ئێستا بەزەحمەت کۆدەکرێنەوەو دەستەمۆدەبن.**

**ئەوەتا قەلّەمەکان بۆ رەنگو داهێنانەکان لەناو پەرتبوونێکی بەردەوامدا خەریکی ون بوونن, لە زۆری کەلّەکەبوونی بلآوکراوەکاندا کە لێرەو لەوێ دەردەچن داهێنانەکان دەگمەنن.**

**لاوەکانی سەردەمی ئازادیش لە زۆری خۆیانو ولآتی بێ بەرهەمو پیشەسازییدا تەفروتونابوون ئەوانەی لە تاراوگەدان لە غوربەتا دەگرینو ئەوانەی ئێرەش لە زۆری کاتدا هەر خەریکی سەیرانن, رۆژەکانی ئێرە هەر هەمووی پشویەو، بەلآم رۆژانی پشووی فەرمی هیچ لوتکەو تەپۆلّکەیەکی ئەم نیشتمانە نابینی لە جیاتی سەنگەرو رەبایە چوارلاوو سێ ڤیکترای لێ نەبێت, بەدەم چەقەنەو نوکەو وێنە سەیرو سەمەرەکانەوە کات دەکوژن, ئەو کاتە بێ بەرهەمو داهێنانانەی زۆر بە خێرایی تێدەپەڕنو ناگەڕێنەوە.**

**ئەگەر سالآنی هەشتاکان سالّی تەفروتوناکردنی لاو بوو ئێستا سالّی بەرهەمهێنانی لاوی بێ بەرهەمو سڕبوونە, سڕبوونی ئەو ئازادییەی کە قەیرانەکانو بازاڕی ئازاد خەریکە تەڕو وشك قوت دەداو لاو دەخاتەوە بەردەم ئەو ئایندە نادیارو قورسەی کە نەتوانێ پرۆژەکانی تێدا یەکالآبکاتەوەو بەخۆو ڤیکتراوە بچێتەوە ناو ئەو سەنگەرانەی کە جگە لە جەمەلۆنەکان هێشتا بەردوو چالّە هەلّکەنراوەکانی هەرلێنو لە بری قەوان پڕپڕن لە شوشەی بەتالّ ئەو شووشە سەوزو هەمەجۆرانەی داهاتو کاتەکان بەبێ داهێنان سڕدەکا.**